# دلێکم.. گەمارۆدراو بە وەهمی رۆشنایی

گۆران سدیق



"لە دڵما پۆلێك پەپوولەی بریندار نوستوون،
هەناسەکانم بۆنی هیلاکبوونیان لێدێ، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەست
بە کاڵبوونەوەی ئەو هێڵانە دەکەم کە لەناو لەپی دەستەکانما کێشراون، لە توانای هیچ
غەیبناسێکدا نییە بیانخوێنێتەوە
هەندێ جار لەبەر خۆمەوە گۆرانی دەڵێم وبە خەیاڵ وێنە دەکێشم زۆر جاریش لە بێزاریدا
فرمێسکە تەزیوەکانم لە نێو لاپەڕەی ئەو کتێبانەدا دەشارمەوە
کە ناتوانن شوێن برینی ئەو هەموو دەرگاو پەنجەرانە ساڕێژ بکەن کە بەدەستی وێرانکارترین ڕەشەبا لەسەر جەستەم
چەقێنراون"

* * * * *

چ حیکایەتێکی سەیرە ژیان
بێ ویستی خۆم ڕژامە سەر ئەو خاکەی
کە خوێنی خراپترین دوێنێی پیادا دەڕوات
بێگوناه
جەستەم لە خورافاتی سبەینێدا مۆمیا دەکرێت
لەکەنار ئەم بێدەنگیەدا دەمێنمەوە
ئەدرەسی خۆم
لەسەر هەڵمی گۆرانییەکی شپرزە دەنووسم
ئێواران..
بە زەمبیلەیەکی پوشەوە
چەپك چەپك نیگام لە سەر خۆڵی ئەو ڕێگایانە دەچنمەوە
کەنەیانگەیاندم بە هیچ شوێنێك
پارچە پارچەی ئەو ئاوێنە شکاوانە کۆدەکەمەوە
کە فۆتۆگرافەرێکی لەخۆبایی
وێنەی مەحفبوونی منی تیاهەڵدەکۆڵێن و
جگە لە خۆم ..
کەس نەیدەوێرا تەماشایان بکات .!
لەکەناری ئەم بێدەنگییەدا دائەنیشتم
ڕووەو باران

دەست ئەخەمە سەر تۆ

ئەی دڵی گەمارۆ دراوم بەوەهمی ڕۆشنایی

ئەی دڵی فریودراوم

بە خەونی وشکبووی بەردەم پەنجەرەو

بەهەشتی نادیاری ئەودیو دەرگاکان

دەست ئەخەمە سەر تۆ

کە ئەزانیت

ناچاربووم دەرگاکانت لەسەر دابخەم

ناچاربووم و

چیدی لە حەوسەڵەمدا نەمابوو

ڕێ لە هاتنە ژوورەوەی

ئەو دارستانانە بگرم

کە درەختەکانین ئەناردە لام و

هەریەکەو بەکانیو لایەکەوە

چیرۆکی پڕ لە پاڕانەوەی

خۆیان و دارکونکەرەکانیان بۆ دەگێڕامەوە.

بێوەفا نەبووم..

کاتێك بڕیارمدا

پێیەکانم لەناو پێڵاوە ماندووەکانمدا بووەستێنم

پاشە وپاش، هەنگاوەکانم بگەڕێنمەوە دواوە و

ئیتر بیر لە سەفەر نەکەمەوە

عومری خۆم

لەدەفتەری پڕ لە ئیملای

ئەو منالآنەیا بنووسمەوە

کە جانتاکانیان بۆ یەکتری

پڕ دەکرد لە ڕووناکی

وەك مردووترین عاشق

لەکەنار ئەم بێدەنگییەدا ڕادەکشێم

ڕووەو باران

دەست ئەخەمە سەر تۆ

ئەی دڵی گەمارۆ دراوم

بەتاڵاوی ئەم ڕۆژگارە ساختانە

ئەی دڵی گرمۆڵەو لە پێ کەوتووم

بە لێواری ئەم برینە تازەیەتەوە خامۆش دەبم

خەون بە هاتنی هیچ کەسێکەوە نابینم

هیچ دەستێك

خۆم ئەدەمە دەست لەزەتی ئەم تەنهاییە

تەسلیم بە ڕەونەقی ئەم خەمانە دەبم

نەسەرەتایان هەیەو نە کۆتایی

لەبەردەم ئەو حەوزانەدا دەوەستم

کە لێوان لێون لە تاریکی

مشت بە مشت، خۆم بەو عەزابگەلانە تەڕدەکەم

کە بەرلە من

چەندین سێبەری ڕەش و ڕووت

خۆیان تێ فڕێداوە

لەوێدا..

ڕووەو باران ڕادەوەستم

چاوەڕوانی هیچ شتێك ناکەم

هیچ دەنگێك

وەك ئەوەی

لەتەموو مژی بەیانییەکدا

لەودیو لەرینەوەی

میلی ژەنگاوی کاتژمێرەکانەوە

کەسێك بانگم بکاو

منی بۆ نەدۆزرێتەوە

من..ئیتر ماندوو بووم و

نەفەسم خەریکە دەچنرێ

مل دەنێم بە سیلەی ئەم کۆڵانە تەنگە نەفەسەوە

کە بەدەرگای هەر ماڵێکییەوە

لافیتەیەکی ڕەش دەبینم

بە خەتێکی خوارو خێچ لێی نووسراوە:

"ئەی عاشقترین مردوو، بەم دڵنیاییە پیرەوە

گەرەکتە چی بکەیت ؟

کە وێڵبوون گەورەترین نهێنی نێوان دەستەکانی خودایە بۆتۆ

ئیدی بۆ لێنەگەڕایت؟

ئەو هەموو تابووتە سپیانەی ژێر دەریات

ڕاکێشایە کەنارەکان و سەر لە نوێ پەپولەکانی ناویانت

ڕەوانەی ئەو باخچانە کردەوە

کە پڕن لە فیتنەی باخەوانەکان"

* * * * *

تەماشامکە..

ئەی دڵی جێماوم

ئەی دڵی خوێن لەبەر ڕۆیشتووم

بەنووکی قولاپی ئەو خیانەتکارانەوە

کە خۆیان لە مردنت ئەشارنەوە

تەماشامکە..

من شەرم لە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە ناکەم

کە تیایدا..ئەوەندەم نەمابوو بۆ خۆکوشتن

هێندەم نەمابوو

دوا نوسینی خۆم

لەپاڵ سێبەری ئەو عاشقە نەهلستیانەدا بنوسم

کە بەکۆڵ

نەسیمی خەون و

لەزەتی باران و

ئارەزوی گوڵەکانیان

زیندە بەچاڵ ئەکرد

وەخت بوو..

پڵنگی ناو بەتانییەکان بهێنمە دەرێ و

یەک یەک ڕەوانەی ناو پارکەکانیان بکەم

خەریکبوو لە ڕقدا

تێکڕای ئینجانەکان

لە باڵکۆنەکەوە فڕێدەمە ناو کۆڵان و

گوێ لە هاڕەی وردووخاش بوونیان بگرم

بەنیاز بووم

سەدای غەمگینترین کوکوختی

لەسەر شێدارترین سنەوبەر ڕاوبکەم

خەیاڵی هەزاران ئەستێرە

بە ئاسمانەوە بشکێنم

تریفە بە تریفە مانگ ڕاوبنێم

شوێن پێی مۆسیقاکان

لەناو دڵۆپەی باراندا بدۆزمەوە و

پڕپڕیانکەم لە خوێن

گەرەکم بوو .. وابکەم

خەیاڵ لە ئاو بدزم

ڕۆشنایی بە درەختەکانەوە نەهێڵم

پۆل پۆل فڕین لە باڵندەکان بسەنمەوە و

له زوڵمەتی قەفەزێکدا دیل دیلیانکەم
بێترس..
حیکمەتی هەموو ئەفسانەمان
بخەمە ناو بوخچەکان و
دانە دانە فڕێیان بدەمە ناو بورکانەکانەوە

* * * * *

ئەی دڵی نابینام
لەبەردەم بێبەزەیی نەگەیشتنندا
ئەی دڵی بەناهەق لە خاچ دراوم
لە ژێر هەرەسی ئەم قەدەرە زبرانەی ژیاندا
بە سەودای چ نەسیمێکەوە
گوێت بۆ کردنەوەی پەنجەرەکان ڕاگرتووە؟!
کە ئەزانیت هەموو نەسیمەکان
لە ژەهراویترین باخەوە هەڵدەکەن
بە ئومێدی دەرکەوتنی کام تارماییەوە
لەکردنەوەی دەرگاکان دەڕوانی؟!
کە دڵنیای..
بە کردنەوەی هەردەرگایەك
دەچیتەوە بەردەم
ئەو دیوارە ڕەش داگەڕاوەی
تا ئێستاش
تامی یەکەمین سزاو
تامی یەکەمین ئەشکەنجەدانی تۆیان لەسەر تۆمار دەکرێت
ئەی دڵی تاگرتووم
ئەی دڵی بێ ئۆقرەو گرێدراوم
لەبەردەم باڵاو میزاجی
ئەو ئاوێنانە دوور بکەوەرەوە
کە ئاشنات ناکەنەوە بە خۆت
ئێواران ..
لەگەڵ جریوەی چۆلەکەکاندا
بەلێشاو بڕژێرەوە ژێر چەترەکەم
پێکەوە..
ڕووەو باران دائەنیشین
دانەوێڵە بۆ ئەو کۆترانە ڕۆدەکەین
کە بۆنی گومەزی مزگەوتەکان و

**بۆنی یەکەمین فڕین لە باڵەکانیان دێت**

**شەوانیش ..**

**کاتێك تاریکی دەگاتە ئەوجی تۆخ بوون**

**من ئامادەم**

**هەر "دە"پەنجەی خۆم**

**لەسەر سینییەکی مس داگیرسێنم**

**ئەوجا..کۆڵانەو کۆڵان**

**بە بووندا دەگەڕێین**

**تۆ..بەتەنهاییەکانی منەوە تریفەت لێدەڕژێی**

**من ..بە عەزابەکانی تۆوە**

**لەسەر جەستەم شیعر چۆڕاوگە دەبەستێ.**